گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەیاننامەی (بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری) لە نێوان تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا

**پ. ي. د. ڕێبوار محمد اسماعیل**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rebwar.ismael@su.edu.krd

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٥/١٧
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان :**
*Literary Movement,*
*Literary Theory,*
*Literary Statement,*
*Literary Discourse,*
*Critical Principle.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.16

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری لە نێوان تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا)یە، ڕێگایەکە بۆ خستنە ڕووی سروشتی بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری. لێرەدا وەك هەوڵێکی ئەدەبیاتناسیانە لێکۆڵینەوە لە بۆچوون و بنەما ڕەخنەییەکانی ئەو بەیاننامەکان دەکرێت.

لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە بزوتنەوە ئەدەبییەکان و بەرهەمی ئەدەبی دەکات لە ژێرکاریگەری بۆچوونەکانی بزوتنەوە ئەدەبیەکاندا. لە تەوەرەی دووەمدا سروشتی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری لە گەڵ سروشتی بەیاننامەکانیان دەخرێتەبەرباس، لە تەوەرەی سێیەمدا بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبییەوە دەخرێتەڕوو. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو بەیاننامانەیە، کە لەلایەن هەر یەکە لە بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری دەرکراوە، بەمەبەستی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە شیعری کوردی و بەرپاکردنی ئەدەبێکی نوێ، کە لەئاست پێویستییە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی قۆناغەکەدا بێت.

سەبارەت بە (بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری) وەك بیرکردنەوەیەکی ئەدەبییانە و هەستێکی ئەدەبیانە بە گرووپ، لێکەوتەی ئەو گۆڕان و بارودۆخەیە، کە لەو قۆناغەدا هاتە پێشەوە و بەمەش بیرکردنەوەی نوێ لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی نەتەوەی کورد سەریهەڵدا و پێشکەوتنی بوارەکانی لێکەوتەوە، ئەدەبیش پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەبوو، پێویستی بەوە هەبوو شتێکی تازە پێشکەش بکات، کە لە ئاست خواستی بیرکردنەوەی نوێ و ئەو ژینگە نوێیە بەرهەمهاتووە دابێت، بۆیە دەبینین بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری ، کە بریتین لە کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر ڕەخنە و ئایدیای ئەدەبی و هونەری خۆیان لە بەیاننامەکی تایبەت بە خۆیان بڵاوکردەوە، کە هەر یەکەیان لە چوارچێوەی درککردنیان بە گۆڕانکاری و پێویستییەکان بوو، ئەو بەیاننامانەش هەڵگری کۆمەڵێك بۆچوون و بنەمای ڕەخنەیی و تیۆرین، کە لە ئەدەبیاتناسیدا گرنگی و بەهای زانستی خۆی هەیە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە نەخشەیەکی تر بۆ ئەدەبێکی تر دەخەنەڕوو، ئەم بنەما و بۆچوونانەش بەشێوەی جیاجیا دەکەونە ناو میتۆدە ڕەخنەییەکان و تیۆرە ئەدەبییەکان یاخود سەر بە خاسییەتێك لە خاسییەتەکانی ڕێبازە ئەدەبییەکانن، لەم توێژینەوەیەدا شوناسی ئەم بۆچوونە ڕەخنەیی و تیۆرییانە یەك لەدیی دەکرێتەوە و بۆ سەرچاوەکانیان دەگەڕێندرێتەوە.

ڕێبازی پەیڕەو کراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، (وەسفی ـ شیکارییە)یە، بە پشت بەستن بە چەمك و بنەماکانی ڕێبازە ئەدەبییەکان و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی خوێندنەوەی پێویست بۆ ئاماژە و بۆچوونەکانی ناو بەیاننامەکان کراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ تەوەرە پێك دێت: لەسەرەتادا، بەرهەمی ئەدەبی لە ژێرکاریگەری بزوتنەوەی ئەدەبیدا خراوەتەڕوو دواتر باس لە بزوتنەوە ئەدەبییەکان کراوە لە نێوان بنەما و بیرکردنەوەی تیۆری و بۆچوونی ڕەخنەییدا، لە تەوەرەی دووەمدا سروشتی بزوتنەوەی ڕوانگە و

گروپی کەرکوك ـ کفری لەگەل تایبەتمەندی و سروشتی بەیاننامەکانیان خراوەتە بەرباس، لە تەوەی سێیەمیش بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و بەیاننامەی گروپی کەرکووك ـ کفری لە نێوان بنەمای تیۆری ئەدەبی و بۆچوونی ڕەخنەی ئەدەبیدا، شیکراوەتەوە ئاماژە و بۆچوونەکانیان بەپێی خاسییەت و بنەماکنی تیۆرە ئەدەبییەکان و میتۆدەڕەخنەییە کان خراوەتەڕوو.

ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەیەش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لە کۆتایشدا، ئاماژە بە لیستی سەرچاوەکان کراوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر یەکە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 1-1. بزوتنەوە ئەدەبییەکان لە نێوان بنەمای تیۆری بۆچوونی ڕەخنەییدا

لە ئەنجامی گۆڕانکاری و زیادبوونی پێویستییە ڕۆشنبیری و فکری و کۆمەڵایەتییەکان یاخود بە هۆی ڕودانی ڕوداوێکی گرنگی سیاسی و ئابووری و مێژویی، قۆناغێکی نوێ دێتە پێشەوە و ژینگە مەعنەوییەکان تاك و کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردادێت، ئەم ژینگە نوێیە هانی زانایەك یاخو ڕەخنەگرێك یان کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر دەدات بەیەکەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان و پێویستییەکان بۆچوون و بەرهەمە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانییان بخەنەڕوو، ئینجا زۆرجار وەك پێویستی و خواستێکی ئەدەبی بۆچوونی گشتی لەسەر سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی نوێ لە ئەدەب دروست دەبێت، چەند نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر لەسەر کۆمەڵێك بنەما و تێڕوانین کۆك دەبن، لە چوارچێوەی هاودید و هاوڕابوونیان نەیاری ئەدەبی کۆن دەکەن و بانگەشە بۆ گۆڕان و نوێکاری ئەدەبی دەکەن و خۆیان بەناو و شێوەیەك لە شێوەکان فۆڕمەلە دەکەن و بەیاننامە و مانیفێست بۆ ئەم مەبەستە بڵاو دەکەنەوە. ئیتر ئەمانە فراوان دەبن بۆ بزاڤ و ڕەوتی ئەدەبی و هونەری زۆرجار ئەم ڕەوت و بزوتنەوانە فراوانتر دەبن دواجار وەك ڕێبازێکی ئەدەبی خۆی دەبینێتەوە، کە سنووری نەتەوەیی دەبڕێت و بەچەندین وڵاتی تر و جیهان بڵاو دەبێتەوە، (گروپێك لە نووسەران، کە کۆمەڵەیەکی کاریگەر پێکدێنن و کۆکن لەسەر چەند بنەمایەك ڕێبازێکی ئەدەبی دێننەکایەوە، ئەم بنەمایانە هەندێجار بە شێوەی مانیفێستێك بڵاو دەکرێتەوە، رێباز واباوە کە لەو وڵاتەی سەرچاوەی گرتووە دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە. ڕێبازەکان هەمان بزوتنەوە گشتییە ئەدەبی و هونەرییەکانن، سەلیقە و چێژی ئەدەبی باو لە سەردەمێکدا، یان مەیلە ئەدەبییەکان لە قۆناغێکدا دەشێ دوو سێ وەچە بگرنەوە)(شەمسیا، 2018، ل19). ئەم کەسایەتییە کاریگەر و

ڕەوت و بزاڤانە گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەیان وروژێنێت بۆ پێشکەشکردنی بیری نوێ یاخود بەپێچەوانەوە بیرکردنەوە و بنەماکانیان پێش گۆڕانکارییەکان دەکەون و لە ڕێگەی پرۆژە و بیرکردنەوە و بانگەشەکانیان دەبنە هۆکاری دروستبوونی گۆڕانکاری لە بواری جیاجیادا یاخود بوون بە هۆکار و سەرەتایەکی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان، بۆ نموونە (هیومانیزمەکان، لەپلەییاد، ئەدەبیاتی بارۆك، تەوژمی سۆز و سانتمانتالییزم و ئەزموونگەرەکان) هەر یەکەیان لە شوێن و سەردەمی خۆیان کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕێنسانس و ڕێبازی کلاسیکی و ڕێبازی ڕۆمانسیزم و ریالیزم هەبووە. بەهەمان شێوە جارێکی تریش ڕێبازە ئەدەبییەکان لە شوێنی تر و سەردەمی تردا دەبنە هۆکاری دروستبوونی گروپ و بزاڤی نوێی ئەدەبی، بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا چەند نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگرێك بە یەکەوە کاریگەربوونی خۆیان بە یەکێك لەو ڕێبازە دەرەکییانە دەربڕیووە و لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازە دەرەکییە بزوتنەوەیەکی نوێی نەتەوەیان پێکهێناوە و داوای نوێکاری و چەسپاندنی خاسییەتەکانی ئەم ڕێبازەیان کردووە لەبەر هەمە ئەدەبییەکاندا.

سەبارەت بە سروشتی بزاڤ و بزوتنەوەی ئەدەبی و جیاوازی لەگەڵ ڕێبازدا، بزاڤ و بزوتنەوەی ئەدەبی ئەگەر لە سنووری بزاڤییەتی خۆی دەرنەچێت بۆ ڕێبازێك، ئەوە مەودایی کات و شوێنی کەمترە و بەدوای ئامانجێکی دیاریکراوی ئەدەبی یاخود هونەریدایە، لەسنووری ئەدەبی کەسی یان ناوچەیدا و دەشێت ئەم بزاڤە لە پێناو یەك ژانری ئەدەبیدا سەری هەڵدا بێت، بۆ پێویستییەکی هەنووکەیی توانای دەربازبوونی نییە لەو پێویستییە هەنوکی و ئامانجە دیاریکراوەکەی، بەڵام ڕێباز مەودایەکی فراوانی لەڕووی فکر و بنەماو دید و تێڕوانین هەیە و هێزی ئەوەی هەیە بە ناو نەتەوە و وڵاتانی تر بلاو بێتەوە، بەدوای کۆمەڵێك ئامانجی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوەیە و ڕەهەندی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی هەیە، واتە (چەمکی ڕێباز زیاتر لەوە نزیکە، کە ئایدۆلۆژی بێت، بزوتنەوە کۆنەکانی ئەدەب کلاسیکییەت و ڕۆمانسییەت تەنانەت ریالیزمیش ئەو سروشتە ئایدۆلۆژییەی هەبوو، چونکە پەیوەستبوو بەو بیروباوەڕە گشتییەی لە ژیاندا، کە دیاردەی چالاکی مرۆڤایەتی ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری گشتی ڕێکدەخست)(فضل، 2016، ل15). هەروەها ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ڕووی ژمارەوە زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ بزوتنەوە جیاجیاکان، چونکە بزوتنەوە و بزافی ئەدەبی و هونەری ئەگەر بۆ ئامانج و

ماوەیەکی دیاریکراویش بێت لە ناو هەموو گەل و ئەدەبی نەتەوە جیاجیاکان سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕێبازە ئەدەبییەکان بکەین، ئەوا دەبینین، کە تەنیا لە ڕۆژئاواوە سەریان هەڵداوە و پەلییان بۆ کیشوەر و نەتەوەکانی تر هاویشتووە، واتە (قوتابخانەی ئەدەبی و ڕێبازە ئەدەبییەکان لە لایەن خودی ئەوروپییەکانەوە دروستکراون و لە خودی ئەوروپادا سەریان هەڵداوە، هەر لە لایەن خودی خۆشییان پۆلین کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە، پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دارژاونەتە ناو ئەدەبیات و پۆلین بەندی و توێژینەوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە، هەر نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی  بە تایبەتی لە سەرەتادا تورك و عەرەب ئینجا فارس و کورد هاتن لاسایی ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانەی ئەوانیان کردەوە، یانیش هاتن کەرەستە و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی مێژووی خۆیان بەپێی میتۆد و پۆلینکردنە ئەورووپییەکانەوە لەیەکتری جودا کردەوە)(پیربال، ل8-9). بەڵام لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا بە دەیان بزوتنەوە و بزاڤی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری دەکەونە بەرچاو، کە لەسنووری نەتەوەیی خۆیان بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو کاریگەرییان هەبووە و توانیوویانە نوێکاری لە ئەدەبدا بکەن و کەم تا زۆر شێوازی نوێ بە بەر دەقی ئەدەبی بکەن، ئینجا ئەم گروپ و بزاڤانەش لە ژێر کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییەکان سەریان هەڵدا بێت یاخود بەهۆی بارودۆخی نەتەوەیی و ناوخۆیی خۆیانەوە دروستبووبن.

بێگومان هەر بزاڤ و بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دید و تێڕوانینی ئەدەبی و فکری خۆی هەیە و لەسەر ئەو بنەمایە دروستبوون و ئەم دیدەش لە بانگەشە و بەیاننامەیەکدا دەخاتەڕوو بەمەبەستی برەودان بەو شێوازە ئەدەبی و هونەرییەی باوەڕی پێیەتی و بۆ ئەو قۆناغە بە پێویستی دەزانێت، ئەم دید و تێڕوانینەشیان پشت ئەستوور دەکەن بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو و کۆمەڵێك بنەمای تر، هەر لەو سەرچاوەیەشەوە بۆچوونە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانی خۆیان هەڵدەچنن، تاوەکو ببێت بە ستراتیژییەکی نوێ لە پرۆسەی نووسینی بەرهەمی داهێنراوی ئەدەبی و هونەری، بەجۆرێك کە بتوانێت زۆرترین نووسەر و  شاعیر و ڕەخنەگر لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژە شیعر و نوسینەکانیان پێشکەش بکەن و نوێکاری و گۆڕانکاری ئەنجام بدەن.

ئەمەش پێویستی بەوە هەیە، کە ئەو ڕەوت و بزوتنەوەیە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆی و بە پشت بەستن بە فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە هەر لەسەرەتادا سروشتی ئەدەب و ئەرکی ئەدەب و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەی ئەدەب و بەها و پێویستییە فکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی ئەدەبمان پێ بڵێت و وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە لەسەر چییەتی و چۆنییەتی ئەدەب، کە ئەمانە بە تیۆری ئەدەبییەوە پەیوەستن. دواتر بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی قۆناغەکانی پێشووتر و ئەدەبی هەنووکەیی و بەرهەمی شاعیرەکان بخاتەڕوو. بۆیە دەبێت تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی وەك دوو لقی گرنگی ناو ئەدەبیاتناسی لە دید و فکری بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییەکاندا گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت، بەپشت بەستن بەمانە بۆچوون و بەیاننامە و مانیفێست پێشکەش بکەن، تاوەکو توانای قەناعەتپێهانانی کەسی بەرامبەریان هەبێت و بتوانن بە وەڵامە تیۆری و بۆچوونە ڕەخنەییەکانیان دەوروبەری خۆیان ڕازی بکەن بە ستراتیژ و بەیاننامەکەیان. چونکە ((لە ڕێگەی تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەتوانین بە ڕواڵەت لە وتووێژێکی بێ کۆتاییدا بەشداری بکەین گەوهەرو سروشتی مرڤایەتی و ئەو بابەتانەی لە خودی ئەدەبدا باسیان لێوە دەکرێت بیخەینە ژێر تیشکی شیکردنەوە و لێکدانەوە))( چارلز، 2007، ل34). ئەم لقەی ئەدەبیاتناسی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر پرسیارە جەوهەرییەکانی سەر ئەدەب پێشکەش دەکات، کە جارێکی تر کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنەوەی دەقی ئەدەبی دەبێت. هەروەها تیۆری ئەدەبی هەر بە تەنیا ئاوڕ لە بەرهەمی داهێنراوی ئەدەبی، بەڵکو لە میکانیزم و پێوەر و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانیش دەڕوانێت، تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی یان تیۆرێکی دیاری کراوی ئەدەب بۆ ڕێگا و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان و مکانیزمی کارکردن شۆڕدەبێتەوە، ((تیۆری ئەدەبی لە بارەی ڕێباز و ئەو پێوانانەوە ئاگادارمان بکات، کە دەیانخەینە بواری پیادەکردنی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئەویش بەو مەبەستەی کە ئێمە بە تەنیا دەق نەدوێنین، بەڵکو لە پاڵ دواندنی دەقدا ئەو ڕێگایانەش بدوێنین، کە دەقیان پێ دەخوێنینەوە و دەقیان پێ ڕاڤە دەکەین))(وێبستەر، 2000، ل86). تیۆری ئەدەبی بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەری لەسەر سروشت و ئەرك وسەرهەڵدانی ئەدەب، دەیەوێت لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە وەڵام بەدەست بێنیت، بۆ ئەوەی ببێت بە سەرەتایەکی بەسوود بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و پێناسەکردنی، لە چوارچێوەی فەلەسەفەیەکی دیاریکراوەوە، ئیتر ڕەوت و بزوتنەوەی ئەدەبیش دەیەوێت لەچوارچێوەی ئەو وەڵام و تێگەیشتنەی لەسەر ئەدەب بەدەستیهێناوە پێوەر و بنەما بۆ بەرهەمی داهاتوو پێشکەش دەکات. (تیۆری ئەدەبی، لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی گشتی و ڕوانینێکی هەمەلایەنی تێدایە دەبێتە

بەستێنێکی باش بۆ بەکارهێنانی وەك پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی دەقی تر لەسەردەمانی دواتردا، هەر یەکە لەو کارانەی، کە لە ژێر تیشکی تیۆری ئەدەبی لەسەر بەرهەمەکان ئەنجام دەدرێن دەتوانن ببنە بەشێك لە رەخنەی ئەدەبی یان مێژووی ئەدەب)(عەبدولغفور، 2007، ل34). بەم شێوەیە تیۆری ئەدەبی لە سنووری شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی ڕادەوەستێت، هەر لەم شوێنەدا ڕەخنەی ئەدەبی دەست بە کاری لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات و خاوەندارییەتی ئەو تێڕوانینە تیۆرییە ئەدەبییە دەکات و لە ڕێگەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پراکتیکییانەی بەرهەمێکی ئەدەبی دیاریکراو، ((بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە پێویستە پەیوەندییەکی بەتین هەبێت لە نێوان هەر سێ لقەکەی ئەدەبیاتناسیدا، چونکە ناتوانین وێنای تێۆری ئەدەبی بکەین بەبێ ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبیش بەبێ مێژوی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی نابێ هەروەها مێژوو بەبێ هەریەکە لە تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی نابێت))(ڕینیە ویلیك، 1987، ل9-10). بە واتایەکی تر تیۆری ئەدەبی بە تەنیا ناتوانێت دەووری دەقێك بدات و لێکۆڵنەوەی لەسەر بە کۆتا بهێنێت، بێ ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی. چونکە لە پرۆسەی بەڵگە و پشتڕاستکردنەوەدا پەنا بۆ بواری مێژوو دەبات، بۆ سەلماندن و لێکۆڵینەوەی شیکردنەوەی پراکتیکی پشت بە ڕەخنەی ئەدەبی دەبەستێت، بۆیە هەرسی بەشی ئەدەبیاتناسی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ئاوێتەی یەکتر دەبن.

ئیتر ئەو بزاڤ و بزوتنەوە ئەدەبییانە لە چوارچێوەی دید و پێویستییە فکرییەکانی خۆیان پشت بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو دەبەستن و لەو ڕوانگەیەشەوە لە ئەدەبیاتناسی دەڕوانن و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بەکاردێنن بۆ پێناسەکردن و ناساندنی ئەدەب و لێکدانەوە و هەسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەب بەگشتی و بەرهەمی نەتەوەیی و سەردەمەکەیان بە تایبەتی.

## 1-2. سروشتی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری

هەروەك پێشووتر ئەوەمان خستەڕوو، کە هەر گروپ و بزاڤێکی ئەدەبی و هونەری کە دێتە پێشەوە، ئەوا پێویستی و خواستی سیاسی یان ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی یاخود ئەدەبی لە پشتەوەیە، کە هەلومەرج و ژینگەیەکی نوێ ئەم خواستەی دروستکردووە، ئەم بزوتنەوەیەش دید و

بۆچوون و ستراتیژی فکری و ئەدەبییەکەی خۆی لەو هەوڵ و مەرج و ژینگە نوێیەوە بەرهەم دێنێت، چونکە هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی.

"ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری"، وەك بزوتنەوە و گروپێکی ئەدەبی لە جوگرافیایەکی دیاریکراوی نەتەوەیی و قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراودا دێتە پێشەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بۆ ئەو قۆناغە زەمەنی و سنورە ناوچەییە، کاریگەرییەکی باشی هەبوو توانی جوڵە و تەکانێکی ئەدەبی بخولقێنێت، لەو ڕوانگەوە دەبینین، کە "بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری" وەك هەر گروپ و بزوتنەویەکی تری ئەدەبی هۆکاری سەرهەڵدان و ئامانجی ئەدەبی و بۆچوون و بنەمای خۆیان هەبوو، کە ئەوانە بانگەشەیان بۆ دەکرد. ((سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەك پەیام و ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، پەیامی ڕوانگەییەکانیش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نوێخوازی و دەربڕینی ئەو هەستە پەنگ خواردووەی، کە لە دەروونیاندا قەتیس مابوو، ئەو نوێخوازییەی، کە ڕوانگەییەکان ئەنجامیاندا بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە شیعر و چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە))(حوسێن، ل20).

سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە و گروپە ئەدەبییە، لەو قۆناغەدا خواستێکی فکری و پێویستیەکی ئەدەبی و هونەری بوو، (لەو سەردەمەدا هەموو دنیا هەژابوو چ لەلایەنی نوێخوازی چ لە لایەنی فکری و سیاسی و لایەنەکانی تر، کاریگەری نوێخوازی لە ئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش کاریگەری لەسەر نووسەرانی کورد هەبوو لەو وێستگەیەوە گەڕانەوە بۆ کلتوری ئەدەبی خۆیان)(حوسێن، 2011، ل15). سەرهەڵدانی "بزوتنەوە ڕوانگە"ش، بەسوود وەرگرتن لە بیرۆکەی نوێخوازی و سەرهەڵدانی بزاڤ و تەوژمە فکری و ئەدەبییە جیهانییەکان، هەلومەرجی درککردنی بۆ گۆڕانکاری سازکرد، هەروەکو خۆیان دەڵێن: ((لەسەرەتایی بەهاری ساڵی"1970"دا چوار ئەدیبی لاوی خوێن گەرم، کە داخ و خەفەتی دواکەوتوویی و باری ناهەمواری نەتەوەکەیان لە مێژەوە جەرگیان کلۆر ئەکرد سوێی ئەکردە دڵیانەوە، لە دانیشتنێکی چوار قۆڵیدا یەکیان گرت و کەوتنە هەلرشتنی ڕازو پەنهانی ناخی دڵ و دەروونی خۆیان بۆ یەکتر. هەروەها جەمال شارباژێڕی دەڵێت: دوای ئەو خامۆشییە ڕۆشنبیریەکە هەبووە، بە هۆی ئەو بارودۆخەی ئەوساوە بیرمان لەوە دەکردەوە چی بکەین، تا گڕوتینێ بە ئەدەبی کوردی بدەین، زۆرجار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و برادەران قسەمان لەو بارەیەوە دەکرد، بەڵام چووینە بەغداد، زیاتر حسین عارف و جەلالی میرزا کەریم و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمانەش، کە لە بەغداد بوون، کەمال ڕەئوف لەهاوکاریدا سەرنوسەر بوو ئەویشیان ڕازی کردبوو بۆ ئەوەی بەیانەکە بڵاوبکەنەوە))( حەسەن، 2001، ل25). بەم جۆرە ئەم بزوتنەوەیە وەك خواستێکی فکری و ئەدەبی بۆ ئەو سەردەم و ناوچەیە سەری هەڵدا و دید و تێڕوانینی فکری و ئەدەبی خۆیان لە بەیاننامەیەك خستەڕوو، نووسەر و شاعیرانیان لەسەر ئەو بنەمایە دەستیان بە ئەدەبێکی نوێ کرد لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکە. هەوڵی دەربازبوونیان دەدا لەو بەرگە ئەدەبییە کۆنەی، کە بە بەر دەقی شیعری کرابوو توانیان فۆڕمێکی نوی پێشکە بە دەقی ئەدەبی بکەن، بەهەمان شێوەش "گروپی کەرکوك ــ کفریش"، لەو سەردەمەدا و لە ناوچەیەکی تردا بەیاننامەیەکیان بە ناوی (شێتەکان، سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە) بڵاوکردەوە، کە جەختییان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکردەوە دژ بە شیعری کۆن دەوەستانەوە، بانگەشەی یاخیبوونیان دەکرد، (دیارە سەرقافڵەی ئەم کاروانە "لەتیف هەڵمەت بوو کە لە ساڵی 1970 دیوانێکی شیعری بە ناوی "خواو شارە بچکۆلەکەمان" بڵاوکردەوە) (بەرزنجی، 2008، ل66). ئیتر ئەم گروپ و بزوتنەوەیەش وەك سروشتی هەر بزوتنەوە و کۆمەڵێك یار و نەیاری لێ پەیدا بوو، توانیان نووسەر و شاعیری زیاتر بە دەووری ئامانجەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە، ئەمەش سروشتی بزوتنەوەی ئەدەبییە، کە هێزی فراوانبوونی زیاتری هەیە، بۆیە بەیاننامەی هەر بزوتنەوە و گروپێکی ئەدەبی و هونەری توانای ئەوەی هەیە کۆمەڵێك ڕەخنەگر و نووسەر و شاعیری تر بە دید و بنەماکانی خۆی ڕازی بکات و لەدەوری بۆچوونەکانی خۆی کۆیان بکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە لە هەمان کاتدا نەیاری بۆ پەیدا دەبێت. کە دواجار ئەمەش هەر بە قازانجی ئەدەبی دەشکێتەوە، چونکە وەڵام و بۆچوونە ڕەخنەییەکانی نەیارەکانیش دەبن بە باسی تیۆری و ڕەخنەیی. بەهەمان شێوە ئەم حاڵەتە ئەدەبی و فکرییە دوچاری بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفریش بووەتەوە، بۆیە دەبینین (بزوتنەوەکە تەنیا هەر چوار کەس نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێك هاوسۆزانی تریشیان هەبوون کە بە ڕوانگەیەکان دەناسران، هەروەها ئەوانە کە لەو سەردەمە لە سەر ڕوانگەیان دەنووسی سێ کۆمەڵە بوون هەندێکیان پشتگیریان دەکرد, هەندێکیان نەیارییان دەکردن و کۆمەڵێکی تریش بابەتیانە لە دیاریدەکەیان دەڕوانی) (بەرزنجی، ل182).

بەم شێوەیە بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفریش، تایبەتمەندی بزوتنەوەبوون و بزاڤی ئەدەبی وەرگرت لە سنورێکی نەتەوەیی دیاریکراو هەروەها بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش، کە توانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەمی ئەدەبی و دەقی شیعری بەو شێوەیە ئەدەبی و فکرییەی، کە خۆی دەیەوێت ئاراستە بکات و قورسایی و کاریگەری خۆی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی و تیۆری هەبێت.

## 3-1. سروشتی بەیاننامەکانی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکووك ـ کفری

بەیاننامەی هەر یەکە لە بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکووك کفری سروشتی فکری و ئەدەبی تایبەت بەخۆی هەیە، دیاریکردنی شوێن و پێگەیان لە ناو ئەدەبیاتناسیدا بەتەواوی بڕیارێکی قورس و کارێکی نەکراوە، چونکە نەسەر بە ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراوەوەیە و نە پابەندە بەچوارچێوە گشتییەکانی یەکێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکان و نە پابەندیشە بە بنەماکانی تیۆرێکی دیاریکراوی ئەدەبییەوە. ئەو بەیاننامانە سەرەڕای جیاوازی نێوانیان، لە چوارچێوە فکرییە گشتییەکەیاندا سروشتی هاوبەشیان هەیە، ئەو بەیاننامە بەرجەستەکردنی پەرۆشی و هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە ئەدەبی کۆن و نوێکردنەوەی دەقی شیعری بەشێوەیەك، کە لە ئاستی خواستی گۆڕانکارییەکان و پێویستییە ئەدەبییەکانی سەردەمەکە دابێت. بۆیە دەبینین، کە ناوەرۆکی ئەو بەیاننامانە فرە ڕەهەندە و چەندین خاسییەتی پەیوەست بە ڕێبازە جیاجیاکان و بنەمای ڕەخنەیی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە و خۆی بەهیچ ڕێباز و میتۆدیك نەبەستووەتەوە، بەپێی ویستی سەردەم و فکری ئەدەبییان بانگەوازە ئەدەبییەکەیان خستووەتەڕوو، کە لە ناوەرۆکەکەیدا کۆمەڵێك خاسییەت و بنەمای تیۆری و ڕەخنەیی تێدایە، هەندێکییان لەگەڵ ڕێبازێکی ئەدەبی دەگونجێت و هەندێکی تر لەگەڵ ڕێبازێکی تر، بۆ بۆچوون و بنەما تیۆری و ڕەخنەییەکانیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە لە بەیاننامەکاندا مەنهەجییەتێکی دیاریکراو بەدی ناکرێت، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکی گشتی لە باگراوندی ئەو بەیاننامانەدا بوونی هەیە، کە چەند شاعیر و نووسەرێکی خەمخۆر و ڕۆشنبیر لە ڕوانگەی بوونی شارەزایان لە ئەدەبی جیهانی و ناوچەکە و ئاگادار لە گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانی سەردەمەکە خوێندنەوەیان بۆ ئەدەبی کوردی و شیعری کوردی کردووە و ویستوویانە هەوڵێکی نوی بۆ گۆڕانکاری لە ئەدەبی کوردی بدەن، فۆڕم و فکری نوێ بە بەرهەمی ئەدەبی و دەقی شیعری ببەخشن، ئەمەشییان لە بەیاننامەیەك بەرجەستەکرد بە جۆرێك، کە لەگەڵ سروشتی نەتەوەیی بێتەوە و بایەخی بۆ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی هەبێت. بەیاننامەکان سروشتی بانگەواز و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بانگەشەی لەخۆ گرتووە و هەڵگری بیرۆکەی یاخبوونن لە ئەدەبی کۆن و دەسپێکردنی سەرەتایەکی تر بۆ ئەدەبی کوردی، بۆ ئەمەش ڕێ و شوێنێکی ئەدەبی سەرەتاییان پێشکەش کردووە.

لێرەدا ئێمە ناچینە سەر وردەکاری خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان، یاخود لایەنی مێژویی و ناکۆکی نێوانییان ئەندامەکان لە ڕووی فکر و سەرهەڵدانیانەوە، بەڵکو ئەوەی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە دەگونجێت، بریتییە لە بوونی ڕەهەندی ڕەخنەیی و بنەمای تیۆری لە ناوەرۆکی هەر یەکە لە بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە و گروپی کەرکوك ـ کفری، هەریەکەیان چەند خاسییەت و بۆچوونی جیاجیای ڕەخنەیی لەخۆگرتووە، کە لە ڕێباز و میتۆدە ڕەخنەییە جۆراوجۆرەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە. لێرەدا لە ڕوانگەی بۆچوونە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانەوە ئاماژە بەو سورشتی ئەو بەیاننامانە دەکرێت.

## 1-2. یەکەم: بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە لە نێوان بنەمای تیۆری ئەدەبی و بۆچوونی ڕەخنەی ئەدەبیدا

بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە سروشتی ئەو بەیاننامەنەی پێوە دیارە، کە لە ساڵانی 1860 بەسەرەوە لەلایەن بزوتنەوە و ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپاوە دەرکراون، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەك "پەرناسیزم و سیمبولیزم و سوریالیزم و دادیزم" بڕوانین، ئەوا دەبینین، کۆبوونەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەستەجەمعی بووەتە هۆی سەرهەڵدان و دەرکردنی بەیاننامەکانیان، بۆ نموونە پەرناسیزم لەلایەن چەند گەنجێکەوە مانیفێستەکەی خرایەڕوو (لە ساڵانی "1866 تاوەکو 1876" لەلایەن چەن گەنجێکی فەرەنسییەوە سێ دیوانی شیعری هاوبەش بەناونیشانی پەرناس و هاوچەرخ بڵاوکرایەوە، شیعرەکان مانیفێست و ڕوونکردنەوەشییان لەگەڵدا بوو و قوتابخانەی پەرناسییان ڕاگەیاند. هەروەها لە ساڵی "1886" کۆمەڵێك شاعیر چەند بەرهەم و وتار و شیعر و گۆڤارێکییان بڵاوکردەوە، کە دواجار لە هەمان ساڵدا بەیاننامەی خۆیان لە پاشکۆی ڕۆژنامەی " لۆ ڤیگارۆ" بڵاوکردەوە، کە هەرایەکی زۆری دروستکرد، لەو بەیاننامەدا فرانسوا مۆریاك بۆ یەکەمجار وشەی سمبوولیزمی بەکارهێنا)(پیربال، ل129 ـ144)، بەهەمان شێوە سوریالیزم و دادایزمەکان لە کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر پێك هاتبوون و بۆچوونی ئەدەبی و فکری هاوبەشییان

هەبوو، کە ئەو بۆچوون و بنەما فکرییانەیان لە چوارچێوەی بەیاننامە و مانیفێستێك بڵاوکردەوە، دواتریش جێگەی ئەدەبی و هونەری خۆی گرت.

هەمان ئەو سروشتەش لە لای ڕوانگەییەکان بەدی دەکرێت، کە چەند نووسەر و شاعیرێکی وەك (شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلال میرزا کەریم) دوای کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونی فکری و ئەدەبی، بەهۆی درککردنیان بە گۆڕانکارییەکان و جوڵەی فکری و ئەدەبی جیهانی و ناوچەکە و بوونی شارەزاییان لەو بوارەوە، لەژێر کاریگەری بەیاننامە و مانیفێستی ئەو ڕێباز و بزوتنەوە ئەدەبییانە، بۆچوونە ئەدەبی و فکرییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی بانگەوازێکی ئەدەبی داڕشت و لە گۆڤاری ڕوانگە بڵاوییان کردەوە.

بۆیە دەبینین، کە بەیاننامەکەی بزوتنەوەی ڕوانگە بەشێوەیەکی گشتی هەمان سروشتی بەیاننامەکانی هەیە و سروشتی جۆرە بانگەشەیەکی ئەدەبی لە خۆ گرتووە، کە هەم ڕەخنە ئامێز و هەم نەخشەئامێزە، ڕەخنە ئامێزە بەو مانایەی، کە کۆمەڵێك ڕەخنە ئاراستەی ئەدەبی کۆن و ئەدەبی چەقبەستوو دەکات، لەهەمان کاتیشدا نەخشەیەك بۆ نوێبوونەوەی ئەدەب و ئەدەبی داهاتوو دەخاتەڕوو. ئەگەر سەیری ناونیشانی بەیننامەکەیان بکەین، کە بەناوی (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێمانەوە)، هەر لە ناونیشانەکەدا ئەوە دیارە، کە ڕوانگەییەکان بانگەشە بۆ بوونی ئەدەبێکی نوێ دەکەن، کە بێگومان ئەوەش مانای وایە ڕەخنەیان لە ئەدەبی کۆن هەیە، لە ئاستی خواست و پێویستی خۆیان و سەردەمەکەیان نایبینن، داوای بیری نوێ و نوێکاری دەکەن لە ئەدەبدا، ئەو نوێگەرییەش لەسەر نەخشەیەکی فکری و هونەری بینا کراوە.

سەبارەت بە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ڕوانگەییەکان و ڕەنگدانەوەی بنەما ڕەخنەییەکان لەو بەیاننامەدا دەبین، کە ڕوانگەییەکان لەسەر ڕێباز و میتۆدێکی دیاریکراوی ڕەخنەیی نەڕۆیشتوون، لە دەرەوەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی میتۆدێکی ڕەخنەیی خوێندنەوەییان بۆ ئەدەب و دەقی شیعری کوردی کردووە، گۆڕانکاری و پێویستی سەردەم و شارەزایی و ڕۆشنبیری نووسەر و شاعیرانی ڕوانگە بوون بە سەرچاوەی ڕەخنەکانیان و لە ڕوانگەی ئەو ڕۆشنبیری و هەڵومەرجەوە خوێندنەوەییان بۆ ئەدەب کردووە و شیعری کلاسیکی کوردییان هەڵسەنگاندووە، ڕەهەندێکی ڕەخنەیی لەو بەیاننامەدا بریتییە لە دەرخستنی لایەنی کەم و کوڕی و ناتەواوییەکانی شیعری

کلاسیکی کوردی بەجۆرێك، کە ناتوانێت لە ئاستی پێویستی و پێشکەوتنە زانستی و ئەدەبییەکانی قۆناغەکەدا بێت، پێیان وایە شێوازی شیعری کلاسیك و شێوازی شاعیرە کۆنەکان، چیتر ئەو هێزە ئەدەبییە کاریگەرییەی نەماوە، کە بتوانێنێت نوێنەرایەتی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، بۆیە دەبینین، کە لە سەرەتادا ڕەخنە لە کۆی شێوازی شیعری کلاسیك و شێوازی پیادەکراو لە لایەن شاعیرە کۆنەکان گیراوە، هەروەك لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە ( ئەمانەویت ئەو تەوقە ڕزیوانە بشکێنین، کە شێوە و ناوەرۆکی ئەدەب ئەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزوتنەوەی مردووی لەش ساردو سڕ،.... نووسەر و شاعیری ئەمڕۆمان پێویستە ئەو قاوغەی ویقار و فیز و لە خۆبایبوونە کلاسیکیانە بشکێنێ کە دوورە پەرێز و لە سوچێکەوە دابنیشێت وە تەنها بۆ حەز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوە و بنووسێت!)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، 1970، ل9-12). یەکێك لە ڕەخنەی ڕوانگەییەکان لە شیعری کۆن و شاعیرانی کۆن، ناوەرۆکی خود پەرستی و هەستی خودپەرستییە، بۆیە دەیانەوێت ئەدەب لە بڕیار و هەوڵی کەسی و مەبەستی تەسکی کەسی ڕزگار بکەن و بیکەن بە پرۆژەی بزوتنەوەیەکی فکری و ئەدەبی، بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی سەردەمەوە خوێندنەوەی بۆ بکەن و بەپێی ئاستی پێویستی و خواستی تاك و کۆمەڵ خاسییەتەکانی دابڕێژن، بۆ ئەوەی ئەدەب تێکەڵ بە ژیانی تاك و کۆمەڵگا بکەن، نەك بەهۆی شێوازی قورس و ڕوخسار و ناوەرۆکی کۆنکریتی ئەدەب لە ژیانی کۆمەڵگا و تێگەیشتنی خوێنەر دابڕن، هەروەك دەڵێن: (لەسەردەمی ئێستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبییە قورس و قەبانە ماوەی ژیانینان نەماوە کە هونەری ناوەڕۆك ئەکەن بە ژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دارو پەردووی وشەی وشك و برنگی ڕەق و بێگانەوە. ئەو بابەتە ئەدەبییانە هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازار و ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون وە لە تاقیکردنەوەکانییاندا دوو پێیان هەڵنەهێناوەتەوە. سەردەمی بەرهەمی دروستکراوی بێ بۆنە و ستایشی درۆ و هەجووی بێ پێز بەسەرچووە و ئەدەبیش لەو قەڵەم ڕەوی دەرەبەگایەتییە ڕزگاری بووە کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەر و مرواری و بە بڕیاری چەند کەسێك بکرێتە سەر یەکێکەوە)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، ل9-12). لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگەدا، کە ئاراستەی شیعری کۆنی کوردی کراوە، دەبینین، کە ڕەخنەیەکی نەرێنییە و تەنیا کەم و کورییەکان خراونەتەڕوو، هەندێك خاسییەتی شیعری کلاسیکی کوردی، وەك خاڵێکی لاواز خراوەتەڕوو یاخود بنەماکانی هونەری ئەم شیعرە وەك بنەمای بەسەر چوو ئاماژەی پێکراوە، بۆ نموونە لەسەر ناوەرۆك و بابەتی شیعری

ڕەخنەی ئەوە لە شیعری کلاسیکی دەگرن، کە ناوەرۆك و بابەتەکانیان قورس و فراونن و ناوەرۆکەکان لە ژێر وشەکاری و خەیاڵبازیدا ونبوون، هەروەها ڕەخنەی ئەوە لە ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی دەگرن، کە نەیتوانییوە ببێتە ئاوێنە و نوێنەری خواست و ئاواتەکانی کۆمەڵگا و ئێش و ئازاری نەتەوەکەیان، هەروەها شێوازی شیعری کلاسیکی بە شێوەیەك دەخەنەڕوو، کە شیعری کۆنی کوردی لە خزمەتی دەرەبەگایەتی دایە و خۆی لە ستایش و داشۆرینی بێ بنەما دەبینێتەوە و وشەی وشك و برنگی ڕەق و بێگانە زمانی شیعرەکەی پێکهێناوە. دیارە دەرخستنی هەموو ئەو لایەنانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەو مانایە بووە، کە ئەو ئەدەبە لە ئاست ئەو قۆناغ و پێویستییە هەنووکەییانەدا نییە، خواستی سەردەم شتێکی ترمان لێ داوا دەکات هەروکو خۆیان دەڵێن: (کۆن بەلای ئێمەوە لە پێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا هەر ئەوە نییە، کە کوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکەین ئێمە بڕوامان وایە تاقیکردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵ پشتێك بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکانی دوای خۆیان ،... بەڵام قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، ل12). لەهەموو ئەو بۆچوونە ڕەخنەیانەی، ئاراستەی شیعری کۆنی کوردی کراوە، بۆ ئەو مەبەستە کەم و کوڕییەکانی خاسییەت و ناوەرۆکەکەی خراوەتەڕوو، تا بەرهەم و ئەدەبێکی نوێ بێتە پێشەوە، کە چارەسەربێت بۆ دۆخەکە، ئەمەش لە ڕەخنەی ڕیالیزمی نزیك دەبێتەوە و ئەو شێوازە ڕەخنەییەی بەیاننامەکە بۆ شیعری کۆنی کوردی خۆی لە خاسییەت و بنەماکانی ڕەخنەی ڕیالیزمی دەبینێتەوە، چونکە (لە خاسییەتەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەیی هەوڵدانییەتی بۆ وێنەگرتنی کەتواری کۆمەڵ و دەرخستنی ناکۆکییەکانی ئەو کەتوارە و لە ڕێی تیشك ئاراستەکردن بەسەر چەند لایەنێك لە کەم و کورتییەکانی ژیان و گوزەرانی نێو کۆمەڵ ئاراستەکردنی ڕەخنەی کاریگەر بەرامبەریان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کەم و کوڕییەکان، ڕیالیزمی ڕەخنەیی گەشبین نییە وەکو ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، بەڵکو تەنیا لایەنە نادروست و ناتەواوەکان دەردەخات)(گەرمیانی، 2019، ل123). مامەڵەی بەیاننامەی ڕوانگە لەگەڵ شیعری کۆنی کوردی بە هەمان ئاراستەی بیرکردنەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕۆیشتووە، بەڵام بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە ئەدەبییەی لە قۆناغەکەدا هەبووە، بنەماکانی ڕەخنەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە دەبینین، واتە لە هاوێنەی بنەما و بیرکردنەوەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە لە ئەدەبی نوێی خۆیان و بانگەوازە ئەدەبییەکەیان دەڕوانن، (کاروان لەو کاتەوە تا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمرۆ لە ڕۆیشتنایە و هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی سیمایەکی تازەتری تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە و پێشکەوتنێکی نوێ تری هێناوەتەکایەوە،... بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەرهەڵ ئەدات بە کەژاوەی ڕازاوە و نەخشینی تازەکردنەوە ڕێگای سەرفرازی و پێشکەوتن ئەگرێتەبەر)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، ل13). ڕوانگەییەکان لە چوارچێوەی ئەو بنەمایەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە بیردەکەنەوە، کە ئومێدی بە گۆڕان و پەرەسەندنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە و پێیان وایە ژیان لە دۆخی پێشکەوتندایە و ئەدەبیش دەبێت تەریب بێت لەگەڵ ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە، (ئەم ڕێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە حاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشێت، باوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەبوو لە خراپەوە بەرەو باشتر و لە باشەوە بەرەو باشتر)(پیرباڵ، ل108). ئەم بیرکردنەوەیە لە گوتاری بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، هەروەها لە چەندین بڕگەی بەیاننامەکەدا بەشێوازێکی نزیك لە ڕێبازی شۆڕشگێرانە و سۆشیالیستی بۆچوونە ڕەخنەییەکان خراونەتەڕوو، بە تایبەتی لەو دەربڕینانەی، کە بە (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبیمانەوە درابێت بە گوێی کوڕو ڕۆڵەی نەتەکەماندا،... بانگەوازی ئەدەبیی ئەمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و کارزان و سەدەی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان،.... بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەرهەڵ ئەدات)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، ل9ـ13). هەموو ئەو ڕەخنە و بۆچوونانەی، ڕوانگەییەکان لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان پێ کردووە، لەسەر شیعری کۆن و هەڵسەنگاندنی پێویستی و گۆڕانکارییەکان بۆ ئەوەیە، کە نوێکاری لە ئەدەب بێننەکایەوە و نەخشەیەکی تیۆری بۆ نەوەی نوێی شاعیر و ئەدەبی داهاتوو بخەنەڕوو، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە چەندین بڕگەی داڕشتنی بەیاننامەکە کۆمەڵێك بنەمای تیۆری و خاسییەتی هونەری دەبینین، کە بۆ ناوەرۆك و ڕوخساری شێوازی شیعرییان و سروشتی ئەدەبەکەیان خستووتیانەڕوو، ئەم بنەما و خاسییەتە هونەرییانەشیان بە تەواوی پابەند نین بە یەکێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکان یاخود ڕێبازێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەر بنەمایەك لە هەر مێتۆدێکی ڕەخنەیی یاخود هەر خاسییەتێك لە هەر تیۆر و ڕێبازێکی ئەدەبی، لە پێناو سروشتی مرۆڤایەتی و خودیەتی تاك و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی دابووبێت ئەوا لە بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەکو قوتابخانەی خۆیان بە قوتابخانەی نەتەوە و ژیان و مرۆڤایەتی و قوتابخانەی پێشکەوتن و ئازادی لە دەربڕین و

قوتابخانەی هەڵچوون و یاخیبوون داناوە، خۆیان بە بیر و رێباز و رەخنەیەکی دیاریکراو پەیوەست نەکردووە، هەروەکو دەڵێن: (نەگریان و دۆش دامان و فرمێسك رشتنی رۆمانتیکییەکان، وە نەگرتنی ئەو وێنە فۆتۆگرافییە بێ بزوتنەوانەی ریالیزمیەکانیش،... روانگە ئەبێتە مەڵبەندی گشت ئەو رێباز و بیرە نوێییانەی، کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکیش لە نیوانیاندا لە رووی فەلسەفەی تایبەتی قاڵبووی ناو مێشك و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان لە روانگەی ئەدەبی نوێماندا یەك ئەگرنەوە و لە وێدا هەریەکەیان چاو ئەبڕێتە ئاسۆی تایبەتی خۆیی و بۆ لەباوەشگرتنی رۆژی تایبەتی ئەندێشەی شەونخوونی ئەچێژێت)(گۆڤاری روانگە، ژمارە1، ل9ـ13). ئیتر روانگەییەکان لە روانگەی بیری پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی، نەخشەی نوێکاری و ستراتیژی شێوازی ئەدەبەکەی خۆیان دارشتووە و لە چوارچێوەی ئەم رەهەندانەوە جەختییان لە خاسییەتە هونەرییەکان کردووەتەوە بۆ روخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری. ئەم نەخشە هونەرییەش لەلایەك بە ئاراستەی میتۆدە دەرەکییەکان رۆیشتووە و بەهەمان شێوەی بیرکردنەوەی پەرناسیزمەکان بنەمای هونەر بۆ هونەر جەخت لە روخساری دەق و رەهەندە هونەری و ئیستاتیکییەکان دەکاتەوە، جەخت لە جوان پەرستی دەکاتەوە، لەلایەکی تریش دەچێتەوە سەر میتۆدە ناوەکییەکان و پەیوەندی ئەدەب بە ژیانی تاك و کۆمەڵگاو رەهەندە دەرەکییە کاریگەرییکانی سەر دەق، هەروەکو دەڵێن: (ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبیی ئەم سەردەممەمان کت و مت لەگەڵ رێڕەوی تازە و بابەتەکانی ستاتیکی هونەریدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگەی کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگەی گشت مرۆڤایەتی بێت)(گۆڤاری روانگە، ژمارە1، ل9ـ 13 ). ئەم بۆچوونانە بیری خوێنەر بەرەو رەهەندی جوانکاری ئەدەبی دەبات و دواتریش بەرەو بنەمایەکی میتۆدی کۆمەڵایەتی و مێژوویمان دەبات، کە پێویستە ئەدەب لە هاوکێشەی سەرخان و ژێرخانی دانەبڕێت. لە بەیاننامەکەدا جەخت لە جوانی و زیندوویەتی و رازاوەیی وشە و ئارایشتکردنی روخساری دەرەوەی دەق کراوەتەوە، لە چوارچێوەی چەند ئەرکێکدا، کە بریتین لە چەندین ئەرکی خودی و کۆمەڵایەتی و مێژووی و سیاسی.

ئەگەر لە رووی تیۆری ئەدەبییەوە لە بەیاننامەکە بڕوانین، ئەوا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە روانگەییەکان دوای ئەوەی لە رووی مێژووییەوە ئاماژە بە سروشتی مرۆڤ و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی تاك دەکەن بەهۆی رووداوە سیاسی و پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکان، ئینجا

خوێنـدنەوە بـۆ ئەدەبـیش دەکەن و بەو پرسـە هـاوبەش و ئـاوێتەیەی لەقەڵەم دەدەن، بـۆیە هەر لە ڕوانگەی ئەوەشەوە لە سروشتی ئەدەب و ئەرکی ئەدەب و سەرچاوەکەی دەڕوانن، ئەرك و سروشتی ئەدەب بەو هەلومەرجە مێژوویـی و گـۆڕان و پێشـکەوتنە کۆمەڵایەتییەکـان دەبەسـتنەوە، هەروەکـو لەسەرەتای بانگەوازەکەیاندا هاتووە، کە لە سەرەتای مێژووی نەتەوەیی تاکی کورد چەنـدین قۆنـاغی کۆمەڵایەتی و سیاسـی بڕیـوە و لەپێنـاو مـانەوە و بـوونی خـۆی پێشـکەوتن و خەبـات و ڕاپەڕینـی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیووە، ئەم ڕاپەڕین و پێشکەوتنە نوێشـە لە ئەدەبـدا ڕەنگـی داوەتەوە و لە ڕێگەی هۆشیارکردنە و هاندان بۆ بیرکردنەوە نوێ جارێکی تر لە ناو ئەدەبدا کاریگەری بەسەر تاکەوە نواندووە. نووسین و بەرهەمـی خۆیـان بە قـاڵبووی ئـازار و خواسـت و پێویسـتی سـەردەم و ئـاواتی چەوساوەکان و بانگی سەربەستی لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش بوونی بنەمـایەك لە بنەماکـانی تیـۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو لە بەیاننامەکەدا دەسـەلمێنێت، کە کـاریگەری لەسـەر بیرکـردنەوەی ڕوانگەییەکـان هەیە، ئەویش خۆی لە تیۆری ڕەنگدانەوەدا دەبینێتەوە، (کە ئاراسـتەیەکی ماتریالیسـتییانەی هەیە و گرنگی بە توانای بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی ئـابووری و کۆمەڵایەتی و هـونەری دەدات لە ڕێـگەی ئاوێتە بوون و بوونی کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە، دەرکەوتنی بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە لەگەڵ گەشەکردنی بیری سـەرمایەداری و کۆمەڵایەتی، بنەماکـانی خـۆی لە فەلسـەفەی  واقیعیەتـی ماتریالیستی خواست،... لێرەدا دەق مەحکومە بەهەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتی واقیعـی ژیـانی تـاکێکی پەیوەسـت بە ڕەهەنـدەکانی کۆمەڵگـاوە، کە لە فەلسـەفەی مارکیسـیزمەوە سـەرچاوەی گرتووە)(مەلازادە، 2020، ل49). لەم تیۆرەدا، توخمێکی کاریگەر و کارتێکراون بە دۆخی ئـابووری و ڕووداوە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییەکـان، لە سـەرخانی  هاوکێشـەکەدا بـوون و کـاریگەری خـۆی دەسـەلمێنێت، کە ئەمەش (لەسـەر دوو پـایەی گرنگـی تیـۆری مارکسـیزم دەوەسـتێت، کە بە ماتریـالیزمی دیالێکتیـك و ماتریـالیزمی مێـژوی ناسـراون،....واتە بـوونی کۆمەڵایەتی و هۆشـیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، ژێرخانی مـادی کە خـۆی لە ئـابووری و بەرهەمهێنـان دەبینێـتەوە، دەبێـتە فاکتەرێکی کاریگەر بـۆ گـۆڕینی سـەرخانی کۆمەڵایەتی کە لە هـزر و ئەدەب و هـونەر و فەلسـەفە و سیاسەت و ئایین و کولتوور پێك دێت لێـرەوە چەمکـی ڕەنگـدانەوە سـەری هەڵدا)(ئەسـوەد، 2015، ل147). جـگە لەمە ئەو بەیاننامەیـە ڕەهەنـدێکی تـری تیـۆری لەخـۆ گرتـووە، کە وەك بنەمـایەکی جەوهەری لە تیۆری گوزراشتکردندا جەختی لەسەر کراوەتەوە ئەویش بـریتییە لە گوزارشـتکردن لە

خود، هەروەکو خۆیان دەڵێن سەرەڕای هەموو جیاوازییەکیش لە نێوان نووسەر و شاعیرەکانماندا لە ڕووی فەلسەفەی تایبەتی خۆیانەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێماندا یەك ئەگرنەوە، بەوەی لە وێدا هەریەکەیان چاو ئەبڕێتە هەست و ئاسۆی تایبەتی خۆیەوە و سەرکەوتنی ئەدەب بەلایانەوە هەر تەنیا لە ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی دەقدا نییە، بەڵکو لە دەروونی تاك و چوونە خوارەوەشدایە بەهەست و نەستی مرۆڤەوە. دەمانەوێت ئەدەبەکەمان گوزارشت بێت لە مرۆڤایەتی و ئاواتەکانی کۆمەڵگەی کوردیی و کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمەکەیان. هەروەها پێیان وایە شاعیر دابڕاو نییە لە ڕووداو و کارەساتەکاندا، شاعیر و نووسەر لە پاڵ شاعیربوونیان تاکێکی کارتێکراون لە ڕووی دەروونییەوە، کە دەیانەوێت گوزراشت لەو کاریگەری و کارەسات و ڕووداوانە بکەن، دەقی خۆیان بە بەرهەمی ئازار لەقەڵەمم داوە و شاعیرێکی کورد بەجۆرێك دەینوسێت، کە گوزارشت لەو ئازارە خودی و نەتەوەییە دەکات، هەروەها دەڵێن، کە ( ئێمە لە ئێستادا واهەست پێ ئەکەین، کە گشتمان گڕوگڵپەیەك لە ناخمانە پەنگ ئەخواتەوە لە مێژە جۆرە هەست و نەست و هیوا و ئاواتێکی تایبەتیمان لە بۆتەی خۆیدا جۆش ئەدات و ئامادەی تەقینەوە ئەکات)(گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە1، ل 13 ). تیۆری گوزارشتکردن جەخت لە بنەمای خودییەت و گوزارشتکردن لە ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی ئەم خودە دەکاتەوە، لایەنە دەروونی و عەقڵییەکانی خود و هەست و سۆز و ئێش و ئازار و حەز و ئارەزوو و بۆچوون و دنیابین و بابەتەکانی تری پەیوەست بە خودییەتی تاك تەوەرەی جەوهەرین بۆ گوزارشت لێ کردن لەم تیۆرەدا، کە شێوازی گوزارشتکردنیشیان بە پێی پێویستی ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی و خواستی سەردەم و پێویستی هونەری دەقی شیعری گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ڕوانگەییەکان جەختییان لە خودییەت و گوزارشتکردنی پێکهێنەرەکانی ئەم خودە کردەوە، بەپێی پێویستی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی خۆیان و لە پێناو بەهادارکردنی مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی سروشتی بەرزی مرۆڤایەتی و بەها مەعنەوییەکان و ڕەوشتییەکانی مرۆڤ لە بوون بەچەقی ناوەڕۆکی دەقی شیعری، مەبەستی ڕوانگەییەکان ڕزگارکردنی خودییەکانی شاعیر بوو لە هەستی نێرگزی و ئاوێتەبوونی هەستی ئەم خودە لەگەڵ ئێش و ئازاری نەتەوە و جوانی ئاکار و ئێش و ئازاری گشتی و دەردەکانی میللەت و غەمی چەوساوەکان و کێشە جۆربەجۆرەکانی ژیان و چین و توێژەکانی تر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم جۆرە بەیاننامەی ڕوانگە وەك بانگەواز و مانیفێستی بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری، چەندین بۆچوونی ڕەخنەیی لەخۆگرتووە، بەشێوەیەکی تێکەڵ، بەجۆرێك ئەو بۆچوونانە دەشێت وەك خاسییەت لە ڕێبازی ئەدەبی جیاجیا جەختی لەسەر بکرێتەوە یاخود بنەمای ڕەخنەیی بن لە ناو مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، یاخود چەند بنەمایەکی تیۆری لەخۆ گرتووە، کە هەر بنەمایەك لە تیۆرێك لە تیۆرەکان جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەم بەیاننامەیە لە مەنهەجییەتێکی ئاوێتە پێك هاتووە، کە بەجۆرێك بێت بتوانێت لە ئاست خواست و پێویستییەکانی نەتەوەیی و سەردەمەکە بێت.

## 2-2. دووەم:. بەیاننامەی گروپی کەرکووك ـ کفری لە نێوان بنەمای تیۆری ئەدەبی و بۆچوونی ڕەخنەی ئەدەبیدا

بەیاننامەی گروپی کەرکووك ـ کفری لەگەڵ بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانکە جیاوازی زۆری هەیە بەوەی، کە بۆچوونی ڕەخنەیی و بنەمای تیۆری کەمتری لە خۆ گرتووە، زیاتر نواندنی هەڵوێستێکی نەرێنییە بەرامبەر بە ئەدەب و شیعری کۆن، بەیاننامەکە خۆی لە بانگەوازی گروپێکی یاخی و تورەیە دەبینێتەوە لە مێژووی هۆنراوەی کوردی، ئەم هەڵچوونە دەروونییەش بە ئاشکرا لە بەیاننامەکە ڕەنگی داوەتەوە، هەر لە ناونیشانی بەیاننامەی گروپەکە، ئەم بیرکردنەوەیە هەست پێ دەکەین، کە بەناوی (شێتەکان، سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە)، ئەم ناونیشانە چوار چەمکی لەخۆ گرتووە، کە هەر یەکە لە دوو چەمکی (شێتەکان، هەڵوێست) ئەو یاخی بوون و هەڵچوون و تووڕەییەی ئەم گروپە دەسەلمێنێت، ڕەنگی بەسەر هەموو برگەکانی بەیاننامەکە داوەتەوە، هەروەکو لە بەیاننامەکەدا هاتووە، (هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر لە مناڵییەوە کراوە بە پۆیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕشێك بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوور و یاسا و ڕژێمانەدا کە تاوەکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەك داوە وە گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ،...دەسا با بەبێ ترس دان بەوە بنێین کە هەرچیمان هەیە تەنیا تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێ خستن و بەرەڵاکردنی بەسەردا ئەدەین)(بەرزنجی، ل224). ئەم گروپە بەهەموو شێوەیەك نەیاری و تورەیی خۆیان بەرامبەر بەشیعری کۆنی کوردی دەردەبڕن و کەلەپووری هۆنراوەی کوردی پێشوو

ڕەتدەکەنەوە و بە بەرهەمی سەرەتایی و قۆناغی مەیموونی دادەنێن، کە گوزارشتە لە بەرهەمی ناتەواو و سەرەتایی، بۆیە یاخیبوون لێی بە یەکێك لە خاسییەتە سەرەکییەکانی خۆیان دادەنێن، پێیاوان وایە بەو یاخیبوون و تورەبوونە دەتوانن سەربکەون و ئەزموونێکی نوێی شیعری کوردی بهێننەکایەوە، بۆ ئەم تووڕە بوون و یاخیبوونەش لە شیعری کۆن بنەمای ڕەخنەی زانستی نەکراوە بە میکانیزمی شیکردنەوەی کەلەپووری شیعری دواتریش لەسەر بنەمای ئەو شیکردنەوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت، واتە ئەم ڕەتکردنەوەیە پشتی بە ڕێبازێکی ئەدەبی یان بۆچوونێکی تیۆری و میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراو نەبەستووە، بەڵکو زیاتر حەزی گۆڕان و بێزاری و هەڵچوونێکە بەرامبەر شیعری کۆن.

هەریەکە لە چەمکی (سەرنج، پرۆژە)ش، کە پەیوەستن بەلایەنی بیرکردنەوەی تیۆری و مەنهەجییەتی ڕەخنەوە، ڕەنگدانەوەی کەمتری لە بەیاننامەکەدا هەیە، تەنانەت بۆ سەرەنجدانەکەش لەسەر بنەمای پیادەکردنی میکانیزم و بنەمای ڕەخنەیی نەبووە، بەڵکو جارێکی تر سەرنجدانەکە لە ئەدەب و شیعری کۆن دراوە، بۆ ئەوەی دواجار شیعری کۆن بە هەوڵ و تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتوو لە قەڵەم بدرێت، خوێندنەوەیەکی نەرێنی و ڕەشبینییانە بۆ کۆی بەرهەمی کۆن و کەلەپووری ئەدەبی کراوە، بەهەمان بیرکردنەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بە ڕوانینێکی گلەیی ئامێز و ڕەشبینییانە سەیری بەرهەمی شیعری کۆنی کوردی کراوە، هەروەکو دەڵێن: (تاوەکو ئێستا هیچ هەستیارێکمان نەگەیشتووەتە ئەنجامێك کە بەبێ ترس و ئاوڕدانەوە ئاگری هەڵبەستی خۆی خۆش بکا و هەموو دارستانە ڕزیوەکانی پێ بسوتێنێ لەگەڵ ئەوەش هەموو وایان داناوە و ئێمەش وامان تێ نواڕیون، کە نووکی خامەکانیان هەڵبەست ئەڕژێ و جێی وەستانیان لووتکەیە، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی دوور لە خۆپەرستی و نزمی پلەی ڕۆشنبیری خوێنەواری کورد)(بەرزنجی، ل224) بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەم گروپە بۆ کۆی بەرهەمی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئاستی ڕۆشنبیری شاعیرەکان، لەشێوەی ڕەخنەی کۆنی گلەیی ئامێزە و بەجۆرێك شیکردنەوەی زانستی ونە و هەڵسەنگاندنێك بەرجەستەکراوە، کە پشت بە هەڵچوونە دەروونییەکان بەستراوە، خۆیان دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە، هەر دەڵێن: (ئێمە هەموو بەرهەمێکی خۆمان بە تاقیکردنەوەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕانە دائەنێین وە ئێمە بەرهەممان، بوونمان، ژیانمان، کیانمان لە ناو یاخیبوون و شۆڕش و هەنگاونان و شێتبوون و تورەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و گەڕاندا سەردەرئەکەن و ئەڕوانینە هەموو گەردوون تێکرا)(بەرزنجی، ل225). جەختکردنەوەیان لە چەمکەکانی (یاخیبوون و شۆڕشگێڕ و شێتی و تورە بوون)، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن بەجۆرێك، کە نەیانتوانیوە سەرنج و تێڕوانییەکانییان لەناو بەرگێکی زانستی و لەناو میتۆدێکی ڕەخنەیی پێشکەش بکەن.

سەبارەت بەو پرۆژە فکری و ئەدەبییەش، کە ئەم گرووپە بانگەشەی بۆ دەکات، ڕاستە ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە هەڵبەستی کوردی بە فۆڕم و بەرگێکی کلاسیکی کۆت و بەند کراوە، پێویستە ئەو فۆڕمە بگۆڕێت و لە دژی هەموو ئەو یاسا و دەستوور و خاسییتانە بوەستینەوە، کە شیعری کوردی لە قاوغێکدا جێگیرکردووە. بەڵام نەهاتووە پرۆژە و ستراتیژێکی نوێ یاخود کۆمەڵێك خاسییەتی هونەری بۆ ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری نوێ پێشکەش بکەن، بەڵکو ئەو بەیاننامە بانگەشەیە بۆ ئەو پرۆژەیەی، کە ئەو شاعیرانە نیازییان وایە لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا پەیڕەوی بکەن، هەروەك دەڵێن: (پرۆژەمان داناوە هەنگاو ئەنێین، ئەمەش کە ئەیڵێین هەموو شتێ نییە کە ئەمانەوێ بەڵکو سەرەتایەکە) (بەرزنجی، ل225). لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك بڕگەدا نەخشەیەکی گشتی تایبەت بەخۆیان خستووەتەڕوو دوور لە وردەکارییە هونەرییەکانی پەیوەست بە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری، بۆ نموونەلادان لە خاسییەتەکانی شیعری کۆن و یاسا و دەستوورەکانیان، بێ ترس نووسین، یاخیبوون، خودییەت لە نووسیندا،(ئەمانەوێت بێ ترس و بێ ئاوڕدانەوە بنووسیت، باوەڕت هەبێ بە نووسینەکەت هەرنەبێ بتوانی خۆت بدۆزیتەوە لە ناو دێڕی هۆنراوەتا ئێمە هەموو بەرهەمێکی خۆمان بە تاقیکردنەوەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕانە دائەنێین،...هەستیاری ڕاستەقینە ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەموو ڕۆشنبیری جیهاندا وە لە پشکنینی دەروونی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەك پەیدا بکا لەگەڵ شتەکان و باوەڕی دەروونی خۆیدا تاوەکو بتوانێ ئەو وێنەمان پێشکەش بکا، کە ئەیەوێ،.. شاعیری ڕاستەقینە بیر بکاتەوە و یاخی بێت و بەرهەمی ئەمڕۆی بەرزتر و پێشکەوتووتربێت لە هی دوێنێ) (بەرزنجی، ل225). هەروەها دەڵێن: (ئەمانەوێت وشەی کوردی ڕزگار کەین.. ئەمانەوێ بگەین) (بەرزنجی، ل225). لێرەدا بۆچوونی خۆیان لەسەر شیعر و شاعیر خستتوتەڕوو، کە جەخت لە چەند ڕەهەندێك دەکەنەوە ئەو ڕەهەندانەش دەشێت وەك بنەمایەك لە ناو یەکێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکان جێگەی ببێتەوە، بۆ نموونە ئاوڕنەدانەوە لە ڕابردوو و بێ ترس نووسین لە ڕووی دەروونییەوە بۆ خاسییەتێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوریالیستەکان دەمان بات و هەروەها ئەو لایەنە دەروونییە و خـود دۆزیـنەوە لە دەقە شـیعرەکاندا، کە ئاماژەی پێکراوە ئەوا لە میتۆدی دەروونیدا لێکدانەوە و دەروونشـیکاری بـۆ دەکرێـت، لە لایەکی تریشـەوە جەخـت لە شـارەزایی گشـتی و توانـای بیرکـردنەوەی شـاعیر کـراوەتەوە، کە ئەوەش لە ئاراستەیەکی بیرکردنەوەی میتۆدی مێژوو خوێندنەوەی بـۆ کـراوە، لەلایەن ڕەخنەگری فەرەنسیی (هیبۆلیت تین)، لە ڕێگەی سێ هۆکارەوە، کە بریتین لە (ڕەگەز، ژیـنگە و سـەردەم) بەپێـی بۆچـوونی تین (هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لە ژێـر کـاریگەری ئەم سـێ هۆکـارە دایە، ئەمـانە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆیان بەخـودی ئەدیـب و بەرهەمەکەیەوە هەیە، هەمـوو تایبەتمەنـدییە ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبـی و هونەرییەکـان بـۆ ئەم سـێ هۆکارەدەگەڕێنەوە)(قـادر، 2009، ل13). سـەرەڕای ئەوەی، کە یـاخیبوونیش لەبەرهەمـی پێشـینە و کـۆن بە مەبەسـتی گۆڕانکـاری و بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی نوێ و شێوازێکی نـوێ لە شـیعر نووسـیندا، خاسـییەت و سروشـتی هەمـوو ڕێبازێکی ئەدەبی و تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەیی بووە.

ئەو بنەمـا و ڕەهەنـدە فکرییـانەی، کە لە تیـۆری ئەدەبـی یـان تیـۆرێکی دیـاریکراوی ئەدەبـی جەختی لەسـەر دەکـرێتەوە و لە بەیاننـامەکەدا تێبینـی دەکرێـت، خـۆی لە هەنـدێك بـڕگە و تێبینیـدا دەبینێتەوە، بۆنموونە هەر لەسەرەتادا دەیەوێت لە ڕێگەی بوونی گۆڕانکاری و سیفەتی گەشەسەندن و بەردەوامبوونی مرۆڤ لەسەر پێشکەوتنەکان و لە ڕوانگەی باوەڕبوونیان بە بیردۆزی پەرەسـەندنی داریون، باس لە سروشتی ئەدەب و سروشتی گۆڕان و زەرووریەتی پەرەسـەندنی ئەدەبـیش بـکەن، هەروەکو دەڵێن: (وەکوو لە مەیموونەوە بووین بە مرۆڤ و لە لاڵییەوە کەوتنینە قسەکردن و زمـان و داهێنـان و لەزەوی دەرچـوون و لەسـەر مانـگ دابەزیـن، ئـاواش ئەبـێ مەیمـوونی هەڵبەسـت ببـێ بە مرۆڤێکی پوخت و تەواو لەسەر زەوی نەبوون و دواکەوتنەوە سەرکەوێتە سەر مـانگی پێشـکەوتن و بوون و ئاوێتەی هەموو ژیان ببێ)(بەرزنجی، ل224).لێرەدا ئەوەدبینین، کە ئەم گروپە باوەڕییان بە فەلەسەفەی مەتریالیزم و بنەمای پەرەسەندنی مـرۆڤ هەیە، ئەدەبـیش وەك ڕەهەنـدێکی پەیوەسـت بە مرۆڤەوە، دەکەوێتە ژێر هەمان بنەمای پەرەسـەندنەوە، دەبێـت ئەو گەشەسـەندن و پێشـکەوتنەی بەسەردا بێت، بۆ ئەوەی بمێنێ و لەو بوونە کاریگەرییەی بەردەوام بێت، هەر ئەمەشە بۆ پێشکەوتنی ئەدەبـی و گـۆڕانی شـێواز و سـەرهەڵدانی قۆنـاغێکی نـوێی ئەدەبـی و دروسـتبوونی ژانـری تـری ئەدەبیمان دەبـات بە پێـی تیـۆری ژانـرە ئەدەبییەکـان. هەر لە ڕوانـگەی ئەم گۆڕان و پەرەسـەندنەوە

سروشــتی دەقــی شــیعرمان بــۆ دەخەنەڕوو، لە هەنــدیك بۆچــوونی پەیوەســت بە خــودییەت و بەستنەوەی جیهانی دەرەوە بە تێڕوانینە خودییەکانی شاعیر و دۆزینەوەی پەیوەنـدی خـودی لەگەڵ شتەکان و پێشکەشکردنی وێنەی شیعری لە ڕوانگەی خـودییەوە، ئەم بۆچـوونە بـۆ بنەمـای تیـۆری گوزارشــتکردنمان دەبـات، کە جەخــت لەم خــودییەتە دەکەنەوە. جــگە لەمە جەخــت لە هەر یەکە لە بنەمای (شارەزایی و ڕۆشنبیری شـاعیرو لایەنی بیرکـردنەوە) دەکەنەوە، ئەوانەش وەك دوو بنەمـای تیۆری لە لایەن کۆمەڵێك تیۆریست و ڕەخنەگران جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم جەختکردنەوەیە لە شارەزایی و بیرکردنەوەی شاعیران بە پێچەوانەی تیۆری ئیلهام و لاساییکردنەوە دەڕوات، لێرەدا ئەو بــاوەڕو بۆچــوونە بەرجەســتە دەبێــت، کە شــاعیری ڕاســتەقینە وێــنە و داهێنــانە شــیعرییەکانی دەرئەنجامی شارەزایی و  بیرکردنەوەیە.

## ئەنجامەکان

1. هەر یەکە لە "بزوتنەوەی ڕوانگە" و "گروپی کەرکـوك ـ کفـری"، سروشـتی بزاڤـی ئەدەبییـان هەیە، کە لە قۆناغ و جوگرافیاییەکی نەتەوەییدا، وەك پێویستیەکی فکری و ئەدەبی سـەریان هەڵدا، نووســەر و شــاعیرانی ئەم بــزوتنەوە و گــروپە لە ڕوانــگەی درککردنیــان بە پێشــکەوتنی ژیــانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی، سـتراتیژی شـێوازی هـونەری و بیـری نوێکـاری ئەدەبەکەی خۆیـان هەم لە بەیاننامەکە هەم بەشێوەی پراکتیی لەبەرهەمی ئەدەبی خستەڕوو.
2. بەیاننامەی (ڕوانگە و گروپی کەرکـوك ـ کفـری) وەك بـانگەواز و مانیفێسـتی بزوتنەوەیەکـی ئەدەبی، چەندین بۆچوونی ڕەخنەیی و تیۆری لەخۆگرتووە، بەشێوەیەك ئەو بۆچوونانە دەشێت وەك بنەمـا و خاسـییەت لە ڕێبـازە ئەدەبیـیە جیاجیاکـان و مێتۆدەکـانی ڕەخـنەی ئەدەبـی و لە تیۆرێـك لە تیۆرەکانی ئەدەب جەختی لەسەر بکرێتەو.
3. کۆی بنەما و بۆچوونە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانی بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە لەسەر ڕێباز و تیۆرێـك و میتـۆدێکی دیـاریکراوی ڕەخنەیـی نـین، بە تەواوی بیـری ڕوانگەییەکـان نـاکەوێتە نـاو میتۆدێك یان بە تیۆرێکی ئەدەبییەوە، بەڵکو هەر بنەمـایەك لە هەر مێتـۆدێکی ڕەخنەیـی یـاخود هەر

خاسییەتێك لە هەر تیۆر و ڕێبازێکی ئەدەبی، لە پێناو سروشتی مرۆڤایەتی و خودیەتی تاك و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی دابووبێت، ئەوا لە بەیاننامەی بزوتنەوەی ڕوانگە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەپێناو نوێکردنەوەی شیعری کوردی و پێشخستنی ئەدەبی نەتەوەیی.

4. بەیاننامەی (گروپی کەرکووك ـ کفری)، بۆچوونی ڕەخنەیی و بنەمای تیۆری کەمتری لە خۆ گرتووە، بە بەراورد لە گەڵ بانگەوازەکەی ڕوانگە، بەڵکو زیاتر نواندنی هەڵوێستێکی ناسیۆنالیستی و بریارێکی نەرێنییە بەرامبەر بە ئەدەب و شیعری کۆن، بەیاننامەکە خۆی لە بانگەوازی گروپێکی یاخی و توڕە دەبینێتەوە لە مێژووی کلتووری هۆنراوەی کوردی، ئەم تووڕە بوونە لە کلتووری شیعری کوردی و ڕەتکردنەوەیە لەسەر بنەمای ڕەخنەی زانستی نەبووە، بەڵکو زیاتر حەزی گۆڕان و بێزاری و هەڵچوونێکە بەرامبەر بە شیعری کۆن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی

#### 1. کتێبەکان

1. ئیسکارپیت، رۆبیر. (2018) کۆمەڵناسی ئەدەب. وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن ـ سەنگەر نازم. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
2. ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد. (2015) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. چاپی یەکەم. سلیمانی: چاپخانەی تاران.
3. ئەفلاتون، (2010) سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەفلاتون. وەرگێرانی: عیمران هاواری. بەرگی دووەم. چاپی یەکەم. سلیمانی: لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
4. بەرزنجی، د. عەلی تاهیر. (2008) کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا. چاپی یەکەم. سلیمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

5. پیرباڵ، د. فەرهاد. (2004) ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
6. چارلز، برێسلێر. (2007) رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی. وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
7. حوسێن، پ.ی.د. هیمداد. (2007) ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
8. حوسێن، د. هیمداد. (2011) بزوتنەوەی روانگە و شاعیرانی حەفتاو هەشتاکانی هەولێر. چاپی یەکەم. کەرکوك: چاپخانەی کارۆ.
9. حەسەن، شادمان قادر. (2001) بزوتنەوی ڕانگەو شیعری نوێی کوردی. چاپی یەکەم. سلیمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
10. شەمیسا، د. سیروس. (2018) ڕێبازە ئەدەبییەکان. وەرگێڕانی: هیمداد حوسێن ــ سەنگەر نازم. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
11. فضل، د. صلاح (2016) میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ. وەرگێرانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ناوەندی ئاوێر.
12. گەردی، پ. د. سەردار. (2017) رەخنەی ئەدەبی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
13. گەرمیانی، د. عادل. (2019) ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا 1928ـ1996. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
14. مازی، د. شکری عزیز . (2010) تیۆری ئەدەب. وەرگێرانی: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ماردین.
15. مەلازادە، د. ڕێبوار محمد. (2020) تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی ئاوێر.

## 2.گوڤارەکان

1. رۆجەر، وێبستەر. (2000) تیۆری ئەدەب چییە؟. وەرگێڕانی: پەیوەند فایەق. گۆڤاری سەرەدەم، ژمارە7. سلیمانی.
2. گۆڤاری ڕوانگە. (1970) بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە. ژمارە یەك. نەجەف: چاپخانەی النعمان.

## 3. نامەی ماستەر

1. عەبدولغەفور، هەژار ئەحمەد. (2007) بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی کوردی لە 1920 ەوە تا 1962. نامەی ماستەر. بەشی زمانی کوردی. کۆلیجی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.
2. قادر، ڕێبین خەلیل. (2009) میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. نامەی ماستەر. بەشی زمانی کوردی. کۆلیجی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

1. ستولنيتز، جيروم. (1974) النقد الفني. ترجمة: د. فؤاد زكريا. طبعة الاولى. القاهرة: مطبعة جامعة عين شمس.
2. رينيه ويليك. (1987) مفاهيم نقدية. ترجمة: د. محمد عصفور. كويت: عالم المعريفة، للثقافة والفنون والاداب.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Statement of Ruanga Movement and Kurkuk Group - Kfri between literary theory and literary criticism

**Asst. Prof. Dr. Rebwar Muhammed Ismael**
Department of Kurdish Language, College of education, Salahaddin University. Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rebwar.ismael@su.edu.krd

***Key words:*** *Literary Movement, Literary Theory, Literary Statement, Literary Discourse, Critical Principle*

## Abstract

This research is entitled “The Statement of Ruanga Movement and Kurkuk Group - Kfri between literary theory and literary criticism”. It is an attempt to represent the nature of the Statement of Ruanga Movement and Kurkuk Group - Kfri. The research focuses on the perceptions and critical principles of the Statements. The Statements are viewed and evaluated as literary attempts. This is conducted under the light of literary theory, literary criticism and literary schools. The research signals the literary principles, critical ideas and artistic features of the Statements. It presents the identity of their ideas and principles.

The current research is divided into some sections. The first section is concerned, under the light of literary school thoughts, with literary movements and literary works. The emphasis of the second section is on the nature of Ruanga Movement and Kurkuk Group-Kfri and the nature of their Statements. The third section highlights the Statements of Ruanga Movement and Kurkuk Group-Kfri from the perspective of literary criticism and literary theory. Finally, the conclusions, references and Arabic and English abstracts of the research are presented.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بيان حركة روانكه ومجموعة كركوك - كفري بين النظرية الأدبية والنقد الأدبي"، إنها محاولة لتمثيل طبيعة بيان حركة روانكه ومجموعة كركوك – كفري

ملخص:

هذا البحث بعنوان "بيان حركة روانكه ومجموعة كركوك - كفري بين النظرية الأدبية والنقد الأدبي"، إنها محاولة لتمثيل طبيعة بيان حركة روانكه ومجموعة كركوك - كفري.

يركز البحث على التصورات والمبادئ الأساسية للبيانات، يتم عرض البيانات وتقييمها كمحاولات أدبية، يتم ذلك في ضوء النظرية الأدبية والنقد الأدبي والمدارس الأدبية. يشير البحث إلى المبادئ الأدبية والأفكار النقدية والسمات الفنية للبيانات ويعرض هوية أفكارهم ومبادئهم، ينقسم البحث الحالي إلى بعض الأقسام. يتعلق القسم الأول في ضوء أفكار المدرسة الأدبية، بالحركات الأدبية والأعمال الأدبية. ينصب التركيز في القسم الثاني على طبيعة حركة روانجا ومجموعة كركوك كفري وطبيعة بياناتهم. يسلط القسم الثالث الضوء على بيان حركة روانكه ومجموعة كركوك - كفري من منظور النقد الأدبي والنظرية الأدبية. أخيرًا يتم تقديم الاستنتاجات والمراجع وملخصات البحث باللغة العربية والإنجليزية.